# چەمك و مێژوی تیرۆرو ئیرهاب

سۆران عومەر

ئیرهاب ئەو کردەوە نامەشرع و دژە مرۆییەیە کە سەراپا هەڕەشەیەکی توندڕەوانەیە لە بوون و کیان و ئازادی ئینسان، بێگومان ترسناکترین حاڵەتە کە تیایدا پەنا بۆ تیرۆرو جۆرەها شێوازی توندوتیژی و تۆقاندن دەبرێت و سنورەکانی ژیان سوردەکاو وێنایەکی سامناك بە واقیع دەبەخشێ . هەموو ئەوانەشی کە پەنا بۆ ئەم رەفتارە وەحشیانە دەبەن بەدڵنیاییەوە خاوەنی هیچ بەهاو میتۆدێکی مرۆیی نین ئەگینا چ هۆکارێك لەوە بەهادارترە کە هەموو ئاڕاستە دژەکان لە هەناوی دیالۆگدا کۆببنەوە، هەرچەندە ئێستە زۆرێك لە نەیاران دەیانەوێ ئەم کردارە وەحشیگەریانەی خۆیان بڕن بەکاڵاو باڵای ئیسلامیەکانداو جۆرەها ئسلوبیشیان بۆ ئەم ئامانجە ناشیاوە گرتۆتە بەر بەڵام بابزانین کێ ئیرهابیە؟!

وەك زاراوە ئیرهاب وەرگێراوی ( Terror ) ی ئینگلیزیەوە لەبنەرەتا وشەیەکی لاتینیەو داکشانێکی قوڵی لە کۆمەڵەی زمانە رۆمانیەکاندا بەسەر هاتووە و پاش چەند گۆرانێك لەگەڵ زمانە ئەوروپی یەکانی تردا یەکی گرتووەو زاراوەیەکانی (Terrorism,Terrorism Terrorism, Aet State ) زۆر زیاتر بەکاردەهێنرێ لەزمانی قانون و سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، هەرچەندە ( د.نبیل أحمد حلمی) لە (الأرهاب الدولی وفقا لقواعد القانون الدولی العام ) و ( د.عبدالرحیم صدقی) لە ( الآرهاب السیاسی والقانون الجنائی ) و ( د.عزیز مخیمر) لە ( الأرهاب الدولی ) دا بیروڕای مێژوونووسان نقلْ دەکەن بەوەی کە زاراوەی ( ئیرهاب ) لە رووی مێژووییەوە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( 1879 ) کە مەلیك ( لویسی شانزەیەم ) شکستی هێنا.

نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە لەدیاردەی ئیرهاب چەند بەش و کۆمەڵەیەکی پێك هێناوە بەیارمەتی ئەمریکاو وڵاتانی کوتلەی رۆژئاوا پێیان وایە هەموو ئەو پارت و بزافانەی کە بە شێوەیەکی چەکدارانە تێدەکۆشن بۆ رزگارکردنی خاك و دیاریکردنی چارەنووسیان دەچنە خانەی ئیرهابەوە بەڵام کوتلەی رۆژهەڵات کە سەردەمانێك یەکێتی سۆڤیەت سەرۆکایەتی دەکرد پێی وابوو ئیرهابی راستەقینە ئیرهابی دەوڵەتە کە بەرامبەر دەوڵەتێکی تر لە رێگای بەکرێگیراوانیەوە بەکاری دەهێنێ .

بەم جۆرە ململانێ لە نێوان ئەمریکاو روسیادا درێژەی هەبوو لەسەر زاراوەی ( ئیرهاب ) کە ئەمریکا دەیگوت ئیرهاب مەسەلەیەکی ئایدۆلۆجی یەو روسیا تیایدا تاوانبارە بەوەی کەیارمەتی ئیرهابیەکانی جیهان دەدات !

بەپێچەوانەشەوە یەکێتی سۆڤیەت ئەمریکای بەئیرهابی دەزانی چونکە دەیگوت ئەمریکا یارمەتی ئەو جولانەوە رزگاریخوازی یە نیشتمانیانە دەدات کەلە چوار چێوەی هێزە سۆشیالیستیەکاندان بۆ ئەمەش روسیا زاراوەی ( الآرهاب الیمینی ) بەکاردەهێنا دژی ئەمریکا.

بەم جۆرە وڵاتانی تریش نەیانتوانیوە بگەن بە تەعریفی ئیرهاب چونکە هەر دەوڵەتەی لە هەوڵی ئەوەدابوە پێناسەیەك بۆ ( ئیرهاب ) بکات کە کردەوە عەنیف و ئیرهابیەکانی خۆی تێدا نەبێ و خودی سستم و کردەوەکانی خۆی بەدەر لەو پێناسە بکات.

گرنگترین هەوڵیش کە بۆ پێناسەی ئیرهاب دراوە وەك ( د.محمد مۆنس محب الدین) لەکتێبی ( الآرهاب في القانون الجنائي ) دا باسی دەکات کۆنگرەی یەکەمی یەکخستنی ( یاسای سزادان ) بوو کەساڵی ( 1930 ) لە شاری دارسۆی پۆڵەندا سازکرا.

( ویلکنسون _ Wilkinson) دەڵێ: ( ئیرهاب دەرئەنجامی ئەو کردەوە توندوتیژانەیە کەلە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی دیاری کراودا پیادەدەکرێت )، ئەم کردارە ئیرهابیانەش بۆ چوار جۆر پۆڵێن دەکات کە ئەمانەن :

(ئیرهابی جەنگ و ئیرهابی دامرکاندنەوە و ئیرهابی شۆڕشگێڕی و ئیرهابی نیوە شۆڕشگێڕی ) .

هەروەها ( پوررنتون_ Thorn ton ) دەڵێ: ( ئیرهاب بەکارهێنانی ترسە وەك کردەوەیەکی رەمزی ئامانجدار بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر سلوکی سیاسی بە هۆکاری نائاسایی ).

( واردلۆ_ Wardlow ) دەڵێ : ( ئیرهابی سیاسی بەهۆی بەکارهێنانی توندڕەویو تۆقاندنەوە لەلایەن تاك یان کۆمەڵێکەوە ئەنجام دەدرێ بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتێك یان لەدژی ئەو دەسەڵاتە بەکاردەهێنرێت ئامانجیش لەمە دروستکردنی دوودڵی و نائارامی یە تایبێتە فشارێك بۆ بەئاکام گەیاندنی چەند خواستێکی سیاسی).

پاشان ( جروس _Gross ) پێنج جۆری توندوتیژی(عنف ) دیاری دەکات:

1- توندوتیژی تەکتیکی: مەبەست پێی لێکۆڵینەوە لە ئامانجێکی دیاری کراوی هەلپەرستانەیە یان بۆ دەست خستنی سودێکی کاتی یە!

2- توندوتیژی هەرەمەکی: بەبێ لێکۆڵینەوەو مەبەستێکی ئاراستەکراو ئەنجام دەدرێت.

3- توندوتیژی هەرەمەکی کەلەسروشتدا هەرەمەکی بێت بەڵام بۆ هەدەفێکی دیاری کراو ئەنجام بدرێت.

4- توندوتیژی لەچوارچێوەیەکی فراوانی گشتگیردا.

5- تیۆری سیاسی بەرامبەر چینی دەسەڵاتدار.
( د.اسماعیل الغزال) لە کتێبی (الآرهاب والقانون الدولی) دا بۆچوونی (فرید لاند _Fried land ) ی هێناوە کەدەڵێت: (ئیرهاب بەکارهێنانی تەکتیکیانەی توندوتیژی یە کە دۆخێکی گشتی لەترسی دروست ناکات لەناو بەشی زۆری جەماوەردا).
بەدیدگای عرەبیش (د.محمد عبدالعزیز سرحان) لە ( حول تعریف الأرهاب ) دا دەڵێ:(ئیرهابی دەولی دەکەوێتە سەر بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی نامەشروع و پێی وایە ئیرهاب قاڵبێکی نێو دەوڵەتی وەرگرتووە کەتاك و کۆمەڵ پێی هەڵدەستێ).
(د.صلاح الدین عامر) یش لەکتێبی ( المقاومە الشعبیە المسلحە من القانون الدولی العام ) دا دەنووسێ( زاراوەی ئیرهاب لە سەردەمی هاوچەرخدا ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی ڕێکخراو بۆ لێکۆڵینەوەی ئامانجێکی سیاسی و بەشێوەیەکی تایبەتی هەموو کردەوە توندوتیژەکانی ( ڕووداوی دەست درێژی کردنی تاك و کۆمەڵ و تێکدان) دەگرێتەوە، کە ڕێکخراو یان حیزبێکی سیاسی پێی هەڵدەستێ دژ بە هاولاتیان بۆ نەهێشتنی ئاسایش و هێمنی.
(د. أدونیس العکرە) لە کتێبی (الأرهاب السیاسی) دا دەڵێت :(ئیرهاب دیاردەیەکی سیاسی یە ).
(د. أحمد جلال عزالدین )لە کتێبی (الأرهاب والعنف السیاسي ) دا ڕەخنە لەو پێناسانە دەگرێ کەتەنها بەلایەنی مادی لەرووی (کردار) ەوە یان لەلایەنی قانونی بە (تاوان) یان لەرووی ئەخلاقی یان سیاسی یەوە دیاردەیەکە دەبینن کە ڕاستر وایە هەموو ئەم مەسەلانە لە پێش چاو بێ و بەتەنها بوارێکیان نەخوێندرێتەوە بەڵکو هەموویان پێکەوە گرێ بدرێن .
د. احمد لەدواییدا بەم جۆرە پێناسەیئیرهاب دەکات کە( توندوتیژیەکی ڕێکخراوە و پەیوەستە بە ئامانجی خولقاندنی هەرەشەی گشتی ئاراستەکراو بۆ دەوڵەت یان کۆمەڵێکی سیاسی ).
لێرەوە کۆمەڵێك هۆکاری پێشگیری لە کاری ئیرهاب بەپێی ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان بڕیلری لەسەر دراوە کە ئەوانیش دەچنە خانەی ئیرهابەوە و سزادانی پێشێلکارانی مافی مرۆڤ و دادگای کردنی تاوانبارانی کردەوە ئیرهابیەکانە، ئەوەشی کە خاڵێکی ئامانجداری عەنیفە و بڕیلری لەسەر دراوە وورووژاندنی ئەم دیاردەیە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەلام ئەم ڕاگەیاندنەش بۆ خۆی چۆتە قۆناغێکی ترسناکی ئیرهابەی فیکریەوە کە بەم هۆکارە ڕۆڵێکی سلبی لەسەر چەند کەس و کۆمەڵەو دەوڵەتێك دروست کراوە بە مەبەستی شێواندنی رووکاری حەقیقیان ، بەکورتی مەسەلەی ئیرهاب موزادەیەکی تری زلهێزانە کەبەرامبەر نەیارانیان لە بەرژەوەندی خۆیان دەیهرۆژێنن و گرنگی پێدەدەن ، بۆ نموونە تاوانباراکردنی ئوسامەی کوڕی لادن بە ئیرهبی لای خاوەن بڕیارێکی وەك ئەمەریکا شەرعیەتی نێو دەوڵەتی پێ دەدەرێ و هاویشتنی (75) ساروخ بۆ کوشتنی بە ( مکافحة الأرهاب ) دەخەمڵێنرێ ، یان مەسەلەی شیشان کە دەبیستین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە موسوڵمانانی بەرگری کار لە ماف و بون و قەوارە و خاکی خۆیان بە کۆمەڵێکی ئیرهابی ناوەزەد دەکەن و پەلاماری وەحشیانەی روس و بەکارهێنانی ساروخی کرۆزی کیمیایی و کوشتنی هەزاران خەڵکی مەدەنی و ئاوارە کردنی ملیۆنێك هاولاتی بەرەوا دەزانن و پێیشیان وایە هاوکاری کردنی رەسیا بەئەرکی خۆیان دەزانن چونکە یەکێك لە خاڵەکانی کە هۆکاری بەربەرەکانی ئیرهابە بریتی یە لە (التعاون بین الدول علی نطاق واسع في مجال مکافحة الأرهاب ) هاریکاری عەرەبیش لەئاستی وەزارەتی ( ناوخۆو ڕاگەیاندن و داد ) دا گەیشتوون بە چەند بڕیارێك بۆ بەربەرەکانی ئیرهاب لە میانەی ڕێکەوتنەکانی وەزارەتی ناوخۆی ولاتانی عەرەبیدا تاکو سالی(1994) لە سالی (1997) ەوە (11) کۆنگرەی بەستووە بە شێوەیەکی حەقیقیش لە سالی (1993) ەوە هاوکاریان لە نێوان یەکتریدا بەئاکام گەیاندووە وە ئەم ئەنجومەنی وەزیرانی داخلی عەرەبیە (4) نووسینگەی کەورەی لە ( بغداد ، دیمەشق ، عەممان ، دار البیضاء ) بۆ دانراوە .
ئەو هێرشە ڕاگەیاندنانەی کەبەو جۆرە دەکرێتە سەر ئەو گروپ و کەسانەی خۆیان بە ئیرهابی دەزانن بەتایبەت ئیسلامیەکان سەرچاوەی لەو ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاندنەی ولاتانی عەرەبیەوە وەرگرتووە کە بەفیعلی لەدەورەی (26) ی کۆبوونەوەکانیان لە قاهیرە لە سالی(1993) بەسترا دەربارەی چۆنیەتی روبەرووبوونەوەی ئیرهاب ، کەهەموو ئاکانج تیایدا ناشرین کردنی رووکاری حەقیقی ئیسلامیەکانە ، بەتایبەتی میسر کە سالی ( 1995) پرۆژەیەکی پێشکەش بەرێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد یەکێك لەپێشنیارەکانی ( زیادة التعاون بین منظمة الآمم المتحدة ووکالاتها التخصصة في مجال مکافحة الأرهاب) بوو.
هەرچەندە نیوەی تەواوی کارە ئیرهابیەکان کەلە سالانی حەفتادا روویداوە لە ئەوروپادا بووە ، (21٪)ە لە ئەمریکای لاتینی و(14٪)ی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەنجام دراوە ئەو دادگاییانەشی کە دروستیان کردووە دوای جەنگە جیهانیەکان ولاتانی زلهێزای وەك ( بەریتانیا و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ) پێی هەستان بۆ دادگایی کردنی ( تاوانبارانی جەنگ و تاوانباران دژی کۆمەڵی بەشەری و تاوانبارانی دژ بە ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەکان). بەم جۆرە گەیشتنە چوار ڕێکەوتنامەی ( جنێف ) سالی (1949 ).
جەنگیش فەزایەکی بەرینی لە ئیرهاب تەنیوە هەرچەندە سالی (1949 ) ڕێکەوتنامەی جنێف ئیمزا کرا دەربارەی پاراستنی هاولاتیان لە سالی (1977) بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ( 109) دەوڵەت بڕیلر لەسەر دوو پرۆتۆکۆلی زیادە درا بۆ سەر بڕیارەکانی ڕێکەوتنی جنێف کەلەسالی (1949 ) دا لەسەری پێك هاتبوون کە ڕێکەوتنامەکە لە (102) مادەو دوو پاشکۆدا بەرجەستە دەبێ، هەر دەربارەی ئەو تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ سێ ڕێکەوتنامەی ( 1948و1965و1973) لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراوە ! هەروەها دوو پرۆژەی تەسلیم بە لیژنەی یاسای نێو دەوڵەتی کردووە لە سالی (1951و1954) دا سەبارەت بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی بەشەری ئەمانەش دەرەنجامی هەموو ئەو کردارە ئیرهابیانە بوو کەلە ئەوروپادا ئەنجام

دەدرا ، هەر لە تیرۆرو رفاندنی دبلۆماسیین و دەست بەسەراگرتنی فرۆکەی مەدەنی و تەقاندنەوەی باڵۆیخانەو کوشتنی نوێنەری دەوڵەتانەوە.

ئەمریکا ئەمڕۆ کە تاك جەمسەرانە دەسەلاَتی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندووە گەورەترین هەرەشەیە لەسەر کیان و ناسنامەو بوونی ولاَتان بەگشتی و نەیارانی بەتایبەتی بۆ شاردنەوەی سیاسەتی ئیرهابیانەی خۆی و هاوبیرانی کۆنگرەی دژایەتی کردن و لە بەین بردنی دیاردەی ئیرهاب سازدەکات ، دوایین کۆنگرەش ئەوەبوو کە لە (1996/3/13)لە میسر بەناوی (شرم الشیخ ) ەوە ئەنجامیدا ، کە بەراشکاوانە دژ بە جەماعەی ئیسلامی ( حەماس ) و بۆ پشتگیری ئیسرائیل بوو ، هەرچەندە زۆر لەولاَتان دژ بەو کۆنگرەیە وەستانەوە بەتایبەتی ( فەرەنسا و ئەڵمانیا) فەرەنسا رایگەیاند کۆنگرەی ( قمة مکافحة الآرهاب ) کەلە ( شرم الشیخ ) بەسترا تەنها بۆ ریگری ئیسلامیەکان بوو لە سوڵتە. ئەڵمانیاش پێی وابوو ئەم کۆنگرەیە بۆ شاردنەوەی ئیرهاب و تیرۆری ئیسرائیلیەکان بوو! هەرچەندە ( یهود باراك ) کەلەو سەردەمەدا وەزیری خاریجی ئیسرائیل بوو دەربارەی کۆنگرەکە وتی: ( مجرد أجتماع قادة العلم لتدارس ظاهرة الآرهاب ... عن أعتقاده أن مؤتمر شرم الشیخ لم ینجح فی أحباط هذه الآعتداءات ) ، هەروەها لەلایەن تەواوی پارتە ئیسلامیی و دەوڵەتانی ( یەمەن ، عێراق ، سودان ، ئێران ، لیبیا ، سوریا ، مەغریب ، ئەردەن ) و چەند ولاَتێکی ترەوە ئیدانە کراو بە کۆنگرەیەکی ئیرهابیانەی ترسناکیان لە قەڵەم دا بۆ سەر ئاسایشی رۆژهەلاَتی ناوەراست بە پیلانێکی ژەهراوە خەمڵێنرا ! کەواتە هەر لایەك پێوەرو سنورو تەعریفێکی تایبەتی بۆ ئیرهاب و تیرۆر هەیە و رەنگە کردەوەکانی خۆی پێ یاسایی و مەشروع بێت بەلاَم هەمان کردار کە بەرامبەری ئەنجامی دەدات لەخانەی ئیرهابی بهاوێت وەك کێشەی جەزائیر یان فەلەستین

لە کوردستانیش بەهۆی چەند حاڵتێکەوە رەنگە دیاردەی تیرۆر و ئیرهاب سەری کێشابێ و بە دەرکەوتبێت ئەویش چەند هۆکارێك بوونەتە واقعی خولقاندنی وەك :

1- فشار دروست کردن لەسەر سنوری ئازادی  سیاسی .

2- ململانێی چەند لایەنێکی سیاسی بۆ پاوانکردنی دەسەلاَتی سەربازی و ئابوری و رامیاری .

3- شەری ناوخۆو پارچەکردنی کوردستان بۆ چەند ئیدارەیەکی لێك دابڕاو.

4- رۆڵی سلبی راگەیاندن و لە بەرو خراپ بردنی دیاردەو  کێشەکان .

5- هاتنە ناوەوەی ولاَتانی بێگانەو دەست خستنە کاروباری ناوچەکە بەهەدەفی ئاژاوە گێری .

6- هەوڵدان بۆ دروستکردنی کێشەو قەیرانی نێوان ئیسلامیەکان و علمانیەکان.

بەلاَم دەتوانرێت چەند خاڵێکیش وەك چارەسەر بکرێت بۆ نەهێشتنی هەر ئیرهاب و تیرۆرێك کە ئەنجام دەدرێت :

1- ئاشتیەکی سەرتاسەر بهێنرێتە مەیدانی عەمەلی کەتەواوی هەوڵە لێکدابڕاوو ئیدارە جیاکراوەکام یەك بخاتەوە.

2- دادگایەکی حکومی بێلایەن دەسەلاَتی چەسپاندنی یاسایی پێبدرێت بەسەر تاوانباراندا تاکو بۆ ڕێگری لە ئیرهاب پەنا بۆ تیرۆر و ئیرهاب نەبرێت .

3- قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری بە شێوە بەربلاَوەو پارێزگاری کردن لە سنوورەکانی کوردستان .


سەرچاوە:

* الآرهاب الدولي –د. أحمد محمد رفعت ( أستاذ القانون الدولي العام –جامعة القاهرة ) ، د.صالح بکر الطیار –رئیس مرکز الدراسات العربي الآوروبي–باریس –محامي ومستشار قانوني ، الطبعة الآولی–شباط 1998 .

*پەراوێزەکان لەباسەکەدا نووسراوەتەوە.

* مجلة القظایا الدولیة–تقریر سیاسي أسبوعي –یصدر عن معهد الدراسات السیاسیة–أسلام  آباد /باکستان،مقالة (مکافحة الآرهاب –بقلم نبیل شبیب )،(قمة الشرم الشیخ المواقف وردود الآفعال ).

* تیرۆرو تۆقاندن – بلاَوکردنەوەو نووسینی سەنتەری هدی .